# فیقهی ئاسان: پەرتووکی مامەڵەکان: دەروازەی حەڤدەهەم: لە بارەی پێشبڕکێوە

# الفقه الميسر: كتاب المعاملات: الباب السابع عشر: في المسابقة

< کوردی - كردي - kurdish >


## دەستە بژێرێک لە زانایان

## نخبة من العلماء

**وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# پێشبڕکێ

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەڕیزان و خۆشەویستان لە چوار چێوەی بابەتی مامەڵەکان، جارێکی تر هاتینەوە خزمەت ئێوەی بەرێز، ئەمجارە بەیارمەتی خوای گەورە لە بارەی پێشبڕکێوە سێ بابەتتان بۆ باسدەکەین، بابەتی یەکەم : مانای پێشبڕکێ و حوکمەکەی، بابەتی دووەم : چەند حوکمێکی پەیوەست بە پێشبڕکێ، بابەتی سێهەم : مەرجەکانی بریتی وەرگرتن لە پێشبڕکێدا .

**بابەتی یەکەم : مانای پێشبڕکێ و حوکمەکەی :**

1- **مانای پێشبڕکێ** : مەبەست لێی پێشبڕکێیە بە ووشتر یان بە ئەسپ یان بە زۆرانبازی وڕاکردن لە پێناو بەدەستهێنانی ئەو شتەی کە گرەوی پێشبڕکێکەیان لەسەر کردووە .

موسابەقە و پێشبڕکێ هاوتابوون وهاوەل بوونی ئاژەڵ و هاوشێوەکانیەتی، مەبەست لە زۆرانبازیش پێشبڕکێیە بە تیر و ڕم وهاوشێوەکانی .

2- **حوکمی پێشبڕکێ و بەڵگەکانی** : پێشبڕکێ کارێکی دروست وڕێگاپێدراوە، بە بەڵگەکانی قورئان وسوننەت و کۆدەنگی زانایان .

لە قورئانی پیرۆزدا خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن قُوَّةٖ﴾ [1] .

واتا : ئەی باوەڕداران هەتا بۆتان دەکرێ و لە تواناو وزەتاندایە چەك و جبەخانەی جەنگ و، ئەسپی چابوکی سواریی- دژی دوژمنانی دینی خوا - ئامادە بکەن .

یەکێکیش لەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی هێز وبازوو بۆ موسڵمانان ئەنجامادانی پێشبڕکێیە لە نێوان ئەو کەسانەی کە ئامادە دەکرێن و ڕادەهێنرێن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دوژمن و داگیرکاران .

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2257) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1229) ڕیوایەتیان کردووە، لەفزەکەش لەفزی بوخاریە .

لە سوننەتیشدا هاتووە : عەبدوڵڵای كوڕی عومەر ( خوایان لێ ڕازی بێت ) دەیگێڕێتەوە ودەڵێت : { أن النبي ( صلى الله عليه وسلم ) سابق بين الخيل المضمرة [1] من الحيفاء إلى ثنية الوداع، وبين التي لم تضمر من ثنية الوداع إلى مسجد بني زريق } [2] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پێشبڕكێی كرد بەو ئەسپانەی كە پێشتر قەڵەو كرابوون بە ئاليك و پاشان لاواز كراوبوون بە گرتنەوەی ئاليك، لە حەيفاوە تاوەكو ثەنیەتولوەداع، وە بەو ئەسپانەش كە بەو شێوەيەيان پێ نەكرابوو، لە ثەنیەتولوەداعەوە تاوەكو مزگەوتی بەنی زورەيق .

هەروەها لە فەرموودەيەكی تردا پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموويەتی : { لا سبق إلا في خف أو نصل أو حافر } [3] .

واتا : پێشبڕكێ دروست نيە بە ووشتر و ڕم و تيرهاويشتن و بە ئەسپ سواری نەبێت .

مەبەست لە ووشەی ( خف ) ووشترە، وە لە ووشەی ( نصل ) ڕم وتيرە، وە لە ووشەی ( حافر ) ئەسپە .

هەروەها زانايانيش كۆدەنگن لەسەر دروستی ومەشروعيەتی پێشبڕكێ كردن .

---

(1) مەبەست لێی : ئەو ئەسپەيە كە ماوەيەك ئاڵف و ئاليكی بۆ دادەنرێت تاوەكو قەڵەو دەبێت، پاشان ئاڵف وئاليكی لێ دەگيرێتەوە ئەوەندە نەبێت كە پێی بژيەت بۆ ئەوەی كێشی كەم بێت و ئامادەبێت بۆ پێشبڕكێ يان بۆ غەزو و جيهاد كردن، عەرەبەكانی كاتی خۆی ئەگەر بيانويستايە كە ئەسپێك ئامادە بكەن بۆ پێشبڕكێ يان بۆ غەزاكردن، دەهاتن ماوەيەكی باش لەجێگای سێبەر و ئيسراحەتدا ئاليكيان دەدا لە ئەسپەكانيان تاوەكو باش قەڵەو دەبوون، پاشتر دەهاتن ئەو خزمەت و ئاليكەيان لێدەگرتنەوە و لە بەر هەتاو تەنها هەندێكی ئاليكی سووكيان دەدانی بۆ ئەوەی هەرچی بەز و چەوری هەيە بتوێتەوە ببێت بەهێز وبازووی ئێسك و ماسولكەكانيان، بەم شێوەيەش ئەو ئەسپانە كۆمەڵە ئەسپێكی باش و بەهێزيان لێدەردەچوو كە هەميشە لە پێش ئەو ئەسپانەوە بوون كە بەو شێوەيە ڕانەهێنرا بوون .

(2) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2868) و موسليم بە فەرموودەی ژمارە (1870) ڕيوايەتيان كردووە .

(3) ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (2574) و نەسائی بە فەرموودەی ژمارە (3616) وتيرموذی بە فەرموودەی ژمارە (1700) ڕيوايەتيان كردووە، وە تيرموذی دەڵێت : ئەم فەرموودەيە فەرموودەيەكی حەسەنە، وە شێخ ئەلبانيش بە فەرموودەيەكی صەحيحی داناوە، بڕوانە پەرتووكی ( الإرواء : ج333/5).

بابەتی دووەم : چەند حوکمێکی پەیوەست بە پێشبڕکێ :

1- دورستە پێشبڕکێ بکرێت بە ئەسپ وهەموو وولآخێکی تری سواری و ئاژەڵێك بکرێت، هەروەها دروستە پێشبڕکێی ڕاکردن و ڕم وتیرهاویشتن و ونیشانە شکاندن بە جۆرەکانی چەك بکرێت .

2- دروستە پێشبڕکێ بکرێت لەسەر بریتی وەرگرتن لە پێشبڕکێی ووشتر و ئەسپ سواری وتیر ورمبازی، بە بەڵگەی فەرموودەکەی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) کە فەرمووی بووی : { لا سبق إلا في خف أو نصل أو حافر } [1] .

واتا : پێشبڕکێ دروست نیە بە ووشتر و ڕم و تیرهاویشتن و بە ئەسپ سواری نەبێت .

مەبەست لە ووشەی ( خف ) ووشترە، وە لە ووشەی ( نصل ) ڕم وتیرە، وە لە ووشەی ( حافر ) ئەسپە .

3- هەر پێشبڕکێیەك کە بەرژەوەندی شەرعی دەستەبەر بکات، وەك ڕاهێنان لەسەر جیهاد کردن، وفێربوونی زانست وزانیاری، وهاوشێوەکانیان، پێشبرکێ تێیاندا ڕێگاپێدراوە، وە دروستیشە ئەو پێشبرکێیە بریتیشی لەسەر وەربگیررێت .

4- هەر یاری و گاڵتە وگەپێك زیانی نەبێت و شەرع ڕێگای دابێت، دروستە پێشبڕکێی تێدا بکرێت، بەو مەرجەی ئەنجامدەرانی سەرگەرم و سەرقاڵ نەکات بە شێوەیەك نوێژەکانیان بفەوتێت لەسەری، یان هەر واجبێکی تر، بەلآم ئەم شێوە لە پێشبڕکێ دروست نیە لەسەر شت بێت وبریتی لەسەر وەربگیرێت .

5- هەریەك لەو کەسانەی کە پێشبرکێ دەکەن دەتوانن پێشبڕکێکەیان هەڵبوەشێننەوە، بەو مەرجەی باشترینەکەیان دەرنەکەوتبێت، چونکە ئەگەر باشترینەکەیان بەدەرکەوت ئەو کاتە تەنها ئەو دەتوانێت پێشبرکێکە هەڵبوەشێنێتەوە، نەك ئەوی دیکەیان .

---

(1) ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (2574) و نەسائی بە فەرموودەی ژمارە (3616) وتیرموذی بە فەرموودەی ژمارە (1700) ڕیوایەتیان کردووە، وە تیرموذی دەڵێت : ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی حەسەنە، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە پەرتووکی ( الإرواء : ج333/5).

6- ئەگەر هاتوو یەکێك لە پێشبڕکێکارەکان یان یەکێك لە سوارەکان مردن، ئەوا پێشبڕکێکە هەڵدەوەشێتەوە .

7- مەکروهە و شتێکی نەشیاوە بۆ ئەو کەسانەی کە کراون بە بڕیاردەری پێشبڕکێکان مەدح و ثەنای لایەنێك لە پێشبڕکێکارەکان بکەن .

**بابەتی سێهەم : مەرجەکانی بریتی وەرگرتن لە پێشبڕکێدا :**

1- دیاریکردنی تیرهاوێژەکان یان زۆرانبازەکان، یان سوارەکان لە پێشبڕکێکەدا، ئەویش بەوەی ببینرێن .

2- هەموو پێشبڕکێکار وسواربووی ووشتر و ئەسپەکان یەکسان بن لەوەی بەکاری دەهێنن لە پێشبڕکێکەیاندا، یان تیرهاوێژەکان کەوانەکانیان لە دووری و نزیکی نیشانەکانەوە یەکسان بن، هەروەها یەکسان بن لەڕووی جۆرەوە، نابێت ئەسپێك لە ئەسپەکان عەربی بێت وئەوی تریان هەجین و دوورەگ بێت، یان یەکێك لەکەوانی تیرەکان عەرەبی بێت وئەوی دیکەیان فارسی بێت .

3- دووری ونزیکی ئەو ماوەیەی کە پێشبڕکێکەی تێدا ئەنجام دەدرێت دەبێت یەکسان بێت بۆ هەموو پێشبڕکێکارەکان، ئەویش بپێورێت بە کیلۆ مەتر یان بە مەتر یان بە باڵ و هاوشێوەکانیان .

4- دەبێت ئەو شتەی کە پێشبڕکێکەی لەسەر دەکرێت زانراو دیار و موباح بێت، واتا : لەڕووی شەرعەوە ڕێگا پێدراو بێت، چونکە ئەو شتەی گرەوی پێشبڕکێکەی لەسەر دەکرێت ماڵە و گرێبەستی لەسەر دەکرێت، بویە پێویستە لەڕووی شەرعەوە ڕێگا پێدراو بێت، وەك تەواوی گرێبەستەکانی تر .

5- کۆتا مەرج کە زۆر گرنگە ئەوەیە دەبێت ئەو پارەیەی یان ئەو دیاریەی کە پێشبڕکێکەی لەسەر دەکرێت دەبێت کەسانی تری جگە لە پێشبڕکێکارەکان دابینی بکەن، تاوەکو نەبێتە جۆرێك لە قومار، جا هەرکاتێك پێشبڕکێکارەکان یان یەکێکیان ئەو پارەیە یان ئەو

دیاریەی دابین کرد دروست نیە پێشبڕکێی لەسەر بکرێت، چونکە دەچێتە چوار چێوەی قومارەوە، دیارە قوماریش لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا حەرامە ویاساغ کراوە.

[لەخوای گەورە و میهرەبان داواکارین کە بە فەزڵ وبەخشندەیی خۆی یارمەیتمان بدات تەواوی هەڵسوکەوت و جموجوڵێکمان بەو پێیە بێت کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دیاری کردووە، وە لەڕێنومایییەکانی دەرنەچین، وە هێز وبازوومان پێ ببەخشێت کە تەواوی چالاکیەکانمان لەخزمەتی ئاینە پیرۆزەکەی ئەودا بێت، ئامین یارب العالمین] وەرگێڕ

وصلی الله وسلم علی سیدنا محمد وعلی آله وصحبه وسلم